## گرفتی خزمەتگوزاری گەڕەکی چەمی ڕێزان لە سۆران

# هاووڵاتییەك: گرفتی ئاوو شەقام و پاکوخاوێنی شارەوانیمان هەیە

ئا / ڕێگای کوردستان

گەڕەکی چەمی ڕێزان کە دەکەوێتە ناو جەرگەی بازاڕ پشت گەراجی هەولێر - سۆران، هاووڵاتیانی ئەم گەڕەکە سەبارەت بەگرفتی خزمەتگوزاری بەتایبەت ئاو گلەییان هەیە.

(بە راستی گرفتی گەڕەکەکەمان زۆرن لەهەموویان گرینگتر ئاوە کە وەکو پێویست رێك نەخراوە) ئەمەی سەرەوە قسەی هاووڵاتی عەبدول فەتاح سەلمانە کە لەدرێژەی قسەکانیدا هەر سەبارەت بە ئاو دەڵێ: بۆڕی شەبەکەی ئاومان کۆنەو بۆنی لێ دێ قفلی ئاومان سیلاك بووە ماوەی ٢٠ رۆژە بێ ئاوین داوا لە فەرمانگەی ئاوی سۆران دەکەین کە بەدواداچونی هەبێ لەم بارەیەوە هاووڵاتی سۆران عەبدولرەحمان لەم گەڕەکە دەڵێ: ئاومان بۆ خواردنەوە دەست نادات، چونکە سەرەتا کە ئاو دێت بۆنی ناخۆشی لێ دێت.

ئیسلام محەمەد هەر لەم گەڕەکە دەڵێ: گرفتمان هەر ئاو نییە کە نابێ بخورێتەوە ئۆتۆمبێلی شارەوانی بە ٢٠ رۆژ جارێ بێت بۆ ئەم گەڕەکە.

حاجی دیلزی دەڵێ: شەقام و کۆڵانەکانمان ئەوەندە قورن تەنانەت ئۆتۆمبێلیش بە ئاسایی لێی دەرناچێ بۆیە با ئەم گەڕەکەش وەکو باقی گەڕەکەکانی تر گەر قیریشی ناکەن با چەوڕێژی بکەن.

هاووڵاتی هەژار لەم گەڕەکە گلەیی ئەوە دەکات گەر گەڕەکەکەمان بەرپرسێکی لێ بوایە ئەوە گشت خزمەتگوزارییەکانی بۆ دەهات، بەڵام ئێستا ئەم گەڕەکە لەناوجەرگەی بازاڕ هیچی بۆ نەکراوە.

دەسکۆ محەمەد هاووڵاتی لەم گەڕەکە دەڵێ: ئاوو شەقامو ئۆتۆمبێلی شارەوانی گرفتی ئێمەن حەقە لایەنی پەیوەندیدار بەدواداچوونی هەبێ لەم بارەیەوە چونکە کەمتەرخەمی هەتاکو کەی بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە ئەم گرفتانەمان بۆ چارسەر بکەن چونکە توشی نەخۆشی دەبینو چارەسەر بەم زستانە قوورس دەبێ.

هاووڵاتی باوکی محەمەد دانیشتوی ئەم گەڕەکە دەڵێ: چەندین جار مراجعەتمان کردووە بەڵێنیان پێ داوین کەچی هەروا ماوەتەوە (باوکی محەمەد) لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: گەر بەڵێنیشیان پێ داین کە چارەسەر بکەن کە نەکراوە دەبوایە شەقامەکانیان بۆ چەو رێژکردباین لەجیاتی قیرکردن.

هەر سەبارەت بە گرفتەکانی ئەم گەڕەکە سەردانی فەرمانگەی ئاوی سۆرانمان کرد بۆ ئەم مەبەستە ئەندازیار (عەبدولستار حمەد رەزاق) بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی سۆران وتی: راستە شەبەکەی گەڕەکی چەمی ڕێزان کۆنەو نەگۆڕدراوە، بەڵام لەئایندەیەکی نزیك ئەم شەبەکەیەش دەگۆڕین کە هەر ئەم شەبەکەیە ماوە بیگۆڕین، بەڵام با هاوڵاتیان دڵنیابن کە ئەم شەبەکەیەش لەبەرنامەمان دایە بیگۆڕین وە بۆ مەبەستی ئاو ڕێکخستن بەدواداچون دەکەین لەم بارەیەوە.



# ئاوڕێکیش لەم شەقامە بدەنەوە

هەڵوێست

کۆمەڵگای دارەتوو یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی دانیشتوانی رووی لە زیادبیەو فراواندەبێت، ئەمەی لە ساڵانی رابردوو گرفتی گەورەی بۆ دانیشتوانەکەی دروست کردبوو بەتایبەت لەوەرزی زستاندا بوونی کوچەو کۆڵانی قورو لیتەبوو، ئەمساڵ خۆشبەختانە بەشێکی زۆری ئەو کۆڵانو گەڕەکانە شەقامەکانیان قیرتاوکرانو خەڵك لە دەست ئەم کێشەیە رزگارکران، بەڵام خاڵێك کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەینو لەبەرچاومانبێت ئەو شەقامەیە کە لەمەفرەقی دارەتوو سەر رێگای کەرکوك دەچێتە ناو دارەتوو کە یەك سایدەو تا بلێی قەرەباڵغیو جەنجاڵی ئۆتۆمبێلی لەسەرەو بەهۆیەوە شوفێرانو فەرمانبەران ماوەیەکی زۆر لە دەوام دوائەکەون، ئەمەجگە لەوەی چەندین رووداوی هاتووچۆی بەردەوام لێدەکەوێتەوە بەهۆی تەسکی رێگاکە، بۆیە کارێکی چاکە کە شارەوانی دارەتوو لە سەرویانەوە شارەوانی هەولێر پرۆژەیەك بۆ فراوانکردنی ئەم شەقامە دابنێنو بیکەن بە دووساید بەشێوەیەکی هاوچەرخانە ئەمەو هەم مەترسی هاتووچۆ ناهێڵێتو هەمیش سیمایەکی جوانتر بەکۆمەڵگاکە دەبەخشێت.

# شە هید بونا ئە فسەرەك



ب ئە گە راپەقینا مینە کێ لن ئۆ تۆ مبیلە کا سە ربا زی ئە فسە رەك بنا ڤێ (بێوار سە لیم هە سنبیرکی) ها تە شە هید کـــرن ل روژا (١١/١/٢٠٠٧) دگـە ل چە ند سە ربا زەك .کو خە لکێ دهوکێ نە و ل د ناڤبە را (فە یسە لیێ و پرا پێنجێ) ل شا رێ میسلێ ٠بێوار ٠ دە رچوییێ ئە کا دمییا زاخوێ هە یڤا نەوروزا ٢٠٠٦

# تکایە لەکاتی بەفربارینیدا بەهانامانەوە وەرن

گوندی نیدا بزان و مەرانو خۆشکانو شێخ وەتمانو باسانو چەند گوندێکی تری سەر بەقەزای چۆمان هەر لەدوای راپەڕینەوە ئاوەدان کراوەتەوە ئەو گوندانە لە چۆمانو ناوپردانەوە رێگایان بۆدەچێتو ئەو رێگایەش هی سەردەمی رژێمی بەعسە کە زیاتر بۆ مەرامو کاری سەربازی ئەو رێگایەی دروست کرد، ئەو رێگایە کە لەچۆمانەوە دەچێت بەشێکی زۆری لۆفەیەو هەورازەو چەندین ساڵ پێش ئێستا بەهۆی تێکچوونی قیرەکەییو دارمانو روچوونی رێگاکە خەڵکەکەی لەکاتی هاتووچۆکردندا تووشی کێشەو ماندووبوونی زۆر دەهاتن بەتایبەت لەوەرزی زستاندا، خۆشبەختانە ساڵی رابردوو تەواوی ئەو رێگایەو رێگای چەند گوندێکی تر سەرلەنوێ قیرتاوو نۆژەنکرانەوە ئەوەی جێگای مەبەستە ئەمساڵ بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر لەناوچەکەدا بۆماوەی زیاتر لەهەفتەیەك رێگای ئەو گوندانە بۆ چۆمان گیراو هەرچەندە قیرتاویشە، بەڵام بەهۆی نەبوونی گرێدەرو ئامێری لابردنو رامالینی بەفر رێگای ئۆتۆمبێل گیرا، ئەمەش گرفتی زۆری بۆ خەڵکەکەی دروست کردوو لەهەردوو جەژنی قوربانو سەری ساڵی نوێدا بێبەش بوون لەسەفەرکردنو سەردانیکردنی چۆمانو شوێنەکانی تر، هەروەها لەچۆمانیش بۆ ئەو گوندانە بەهەمان شێوە، بۆیە داواکارین لەشارەوانی چۆمان و بەرپرسانی ناوچەکە لەکاتی وادا بەهانامانەوە بێنو رێگاکە پاك بکەنەوە تاکو قوتابیانمانو مامۆستایانمانو خەڵکی نەخۆش نەبنە قوربانی گیرانی رێگاکەو فەرامۆشکردنی.

# گوندی بەرسرین پێویستی بە قوتابخانەیەکی تازەهەیە



هاووڵاتییەك

گوندی بەرسرین دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی سۆران - حاجی ئۆمەران ئەم گوندە سەرەڕای ئەوەی لەدوای راپەڕینەوە قوتابخانەیەکی سەرەتایی لێ کراوەتەوەو خوێندنی تێدا بەردەوام بووە، بەڵام هەروەك لەوێنەکەدا قوتابخانەکە دیارە، ئەو قوتابخانەیە لە دوو سێ ژووری قوڕو بەخۆڵ داپۆشراو پێکهاتووەو دەکەوێتە ئەوبەری گوندەکەو تەنها چەند مەترێك لە جادەکەوە دوورە کە ئەمەش مەترسییەکی زۆری بۆ دروست کردووە، سەرەڕای ئەوەش ژوورو پۆلەکانی هیچ مەرجێکی تەندروستیو یاساییو پەروەدەیی تێدانییەو بەرۆژیش رووناکی بەم شێوەیە لێی نادات، چونکە کارەبای بۆ دابین نەکراوە، ئەوە جگە لەوەی پێداویستیو شوێنی پشوودانو تەوالێتو پێویستی دیکەی تێدانییە، لەکاتی بارانو بەفر بارینیشدا ئەگەر سەربانەکە نەگێڕدرێت ئەوا دڵۆپە دەکاتو ئاو دێتە ژوورەکانەوە، بەڕاستی منداڵانی گوندەکە بەهۆی ئەم قوتابخانەیەوە ئازارێکی زۆر دەکێشن، بۆیە هەقە لایەنە بەرپرسەکانو وەزارەتی پەروەردە ئاوڕێکی دڵسۆزانە لەو قوتابخانەیە بدەنەوەو قوتابخانەیەکی تازەو پێشکەوتووتر دروست بکەن، تاکو قوتابییەکان بە ئاسودەیی پەرە بەخوێندنی خۆیان بدەن.

# ڕوونکردنەوەیەك لەیەکەی ڕاگەیاندنی زانکۆی کۆیە بۆ میدیاکانی کوردستان

بەداخەوە زۆر جار مێدیاکانی کوردستان شتە بچووکەکان گەورە دەکەنو کەمتر باس لە دەستکەوتەکان دەکەن، بگرە زۆر لە مێدیاکان هەر بەلای کارو پڕۆژەو چالاکییەکانەوە ناچن، دیارە ئەمەش سیاسەتی میدیاکە خۆیەتیو پەیوەندی بەئێمەوە نیەو ئەوانیش ئازادن چی دەکەنو چی ناکەن، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە زۆر جار ڕۆژنامەکان شتێك دەوروژێنن و باسی دەکەن، تەنانەت زۆر جار دەیکەنە مانشێتی ڕۆژنامەکانیان، یاخود سەردێری هەواڵەکانیان بەبێ ئەوەی بۆچوونی بەرامبەر وەربگرن، کاتێکیش لایەنی دووەم وەڵامی مێدیاکە دەداتەوە، بەداخەوە زۆر جار وەڵامەکە بڵاوناکرێتەوە، خۆ گەر بڵاویش بکرێتەوە دەخرێتە سووچێکەوەو بەبچووکی بڵاودەکرێتەوەو کەمتر خوێنەران بەلایدا دەچن، ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانەو داواکارین لەمێدیاکانی کوردستان، هەر هەواڵو بەدواداچونێك، یاخود هەر ژانرێکی تری بڵاودەکەنەوە پەیوەندی بە زانکۆی کۆیەوە هەیە، بەر لەوەی بڵاوی بکەنەوە پێشتر پەیوەندی بەیەکەی ڕاگەیاندنی زانکۆی کۆیەوە بکەن، بۆ ئەوەی ڕاستیو ناڕاستی کارەکە دەربکەوێت، یاخود لەپاڵ هەواڵەکەدا یان تێکهەڵکێشی هەواڵەکە بۆچوونی زانکۆی کۆیە وەربگیرێتو هەواڵەکە دەوڵەمەندتر بکرێت، نەوەك کار بگاتە وەڵامو وەڵامکاری، ئێمە جارێکیتر دەستخۆشی لەهەموو ئەو مێدیاو پەیامنێرانە دەکەین کە ڕۆژانە سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆو کۆلێژەکان دەکەن بۆ دەستکەوتنی هەواڵو زانیاری، لەهەمان کاتیشدا دەرگای زانکۆی کۆیە کراوەیە لەبەردەم هەر مێدیایەكو پەیامنێرێك بۆ بەئەنجام گەیاندنی کاری مێدیایی.

بەداخەوە زۆر جار دەبینین شتی شەخصی لەبەشێك لە مێدیاکان بڵاودەکرێتەوە کە دوورە لەڕاستی، بۆ نموونە گەر داوای کڕینی کتێبێك بکرێت سوودی گشتی نەبێت، تەنها سوودی شەخصی هەبێت، یان کاتێك داوای کارکردن دەکرێت، کەئێمە پێویستمان پێی نەبێت (وەك (٢) یاریدەدەری پزیشکی کە ئێمە پێشتر (٢) یاریدەری پزیشکیمان دامەزراندبێتو کەمو کوڕیمان لەم بارەیەوە نەبێت) یاخود دابەش کردنی زەوی کەلەدەسەڵاتی ئێمەدا نیەو ئێمە بەپێی ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاردەکەین (وەك مامۆستایانی کەرکوك)، هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەینەوە تاکو ئێستاکە فۆرمی دابەش کردنی زەوی نەچووەتە شارەوانی. هەموو ئەو هەواڵانە باشتر بوو پێشتر ئێمەی لێ ئاگادار بکرابایەوە بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆمانو ڕاستیەکانمان خستبایە ڕوو. لەبەرئەوەی بەردەوام ئەم جۆرە هەواڵانە دووبارە دەبێتەوە، ئێمە وای بەباش دەزانین بەهۆی سەرقاڵیمان بە ئیشو کارەکانی زانکۆو بەرەو پێش بردنی زانکۆ، لەمەودوا وەڵامی ئەم جۆرە هەواڵانە نادەینەوە گەر پێشتر یەکێ لێمان نەپرسێ، مامۆستاو خوێندکارانو فەرمانبەرانی زانکۆی کۆیەو دانیشتوانی شاری کۆیەش ئاگایان لەو هەوڵو تەقلاو چاکسازیو پاکسازیو بەرەو پێشبردنو بەرزکردنەوەی پلەی زانستی هەیە کە لەزانکۆی کۆیە دەستمان پێکردووە.

دووبارە سوپاس بۆ مێدیاکانی کوردستان.

**یەکەی ڕاگەیاندنی زانکۆی کۆیە**
**١١/١/٢٠٠٧**

# بەڕێز/ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی پارێزگای هەولێر

ب/ داوکاری

ئێمە دانیشتوانی گەڕەکی تەعجیل نزیك مزگەوتی مفتی نزیکەی ٦٠ ماڵێك دەبین یەك ساڵ دەبێت ئاومان نایەت، کەچی ٣ بیر ئاو لەدەورو پشتمان هەیە، جا داواکارین لەبەڕێزتان چاوێك بخشێننەوە بە گەڕەکەکەماندا

فەرمانتان لەگەڵ ڕێزماندا
دانیشتوانی گەڕەکی تەعجیل
١٤ / ١ / ٢٠٠٧

# بەڕێز بەڕێوەبەرایەتی ئاوی پارێزگای هەولێر

ب/ داواکاری

ئێمە دانیشتوانی گەڕەکی تەعجیل نزیك حەمامی ١١ ئازار نزیکەی ٥٠ - ٧٠ ماڵێك دەبین ١٠ -١٥ رۆژ جارێك ئاومان بۆ دێت ئەویش زۆر بەکەمی. بیری کۆتری سەلام بۆ ئێمە لێدراوە کەچی ئاوەکەی بۆ ئێمە نییە. جا داواکارین بەبەڕێزتان چاوێك بخشێنەوە بە گەڕەکەکەمان

فەرمانتان لەگەڵ ڕێزماندا
داوکار
دانیشتوانی کۆڵانی ١١ ئازار
١٤ / ١ / ٢٠٠٧

# خوێندکاران و قوتابیانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار پشتگیری مانگرتنی مامۆستاکانیان دەکەن

**بەڕێزان/لێپرسراوە حیزبی وحکومیەکانی هەرێمی کوردستان**

ڕێکخراوە دیموکراتی و جەماوەریەکان، دڵسۆزانی پرۆسەی بە مەدەنی کردنی خوێندن ئێمە وەکو خوێندکاران و قوتابیانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار پشتگیری لە هەڵوێست و مانگرتنی مامۆستا بەڕێزەکانمان دەکەین و ئێمەش هەمان هەڵوێست و داواکاری مامۆستایانمان دەبێت (مانگرتن تاوەکو لابردنی ڕاگر )چونکە بێبەش نەبوینە لە ڕەفتاری ناشیاو توندو تیژی و گەندەڵیە جۆراوجۆرەکانی ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی کەلار(مامۆستا یونس صادق صالحی) کە ئەنجامی داوە بەرانبەر بە خوێندکاران کە زۆر دورن لە سیستەمی خوێندن و پرۆسەی بە مەدەنی کردنی خوێندن. بە مەبەستی پشتگیری کردنمان ئەم خاڵانە دەخەینە بەرچاوی بەڕێزتان:-

١-وەسف کردن و بە حوشتر دانانی خوێندکاران و قوتابیانی پەیمانگا.

٢-کەمی و نەبونی ئامرازی خوێندن و تاقیگەکان و کۆنی پەیمانگا و هۆڵی وانەی وتنەوەو نەبونی هۆڵی سمینار.

٣-بنەبڕکردن و نەهێشتنی چالاکی وەرزشی لە پەیمانگا و نەبونی یەکەی وەرزشی لە پەیمانگا.

٤-نەبوونی خزمەتگوزاری لە ئاوو ئاوەڕو و کارەبا .....هتد لە بەشەناوخوییەکانی پەیمانگا.

٥-ڕیزنەگرتنی مامۆستایان لە لایەن (ڕاگر) و شکاندنەوەی لە پێش چاومان.

٦-توندو تیژی ڕاگر بەرانبەر خوێندکاران و میوانەکانیان کە زۆربەی خوێندکاران خەڵکی دەرەوەی شارنو کەس و کاریان سەردانیان دەکەن.

(مانگرتنەکەمان لە٧-١-٢٠٠٧ دەسپێ دەکات و بەردەوام دەبێت تا لابردنی یان گۆڕینی ڕاگر)

**کۆمەڵێك خوێندکار و قوتابی دڵسۆزی پەیمانگای تەکنیکی کەلار**
**٤-١-٢٠٠٧**